# هونەری (چیرۆکخوانی) گێڕانەوە

جێگر سەلام حسێن(*)
(کەلار)

هونەری گێڕانەوە یەکێکە لە دەستەواژە گرنگە ئەدەبییەکان کە خوێنەری ئەدەبی پێویستە ئاگاداری بێت. گێڕانەوە لە ژانرە جیاوازەکانی وەک شعر و ڕۆمان و چیرۆک و کورتەچیرۆک و بایۆگرافیا و شانۆ و... تاد بەرچاودەکەون، بەڵام لێرەدا تەنیا تیشک دەخەینە سەر گێڕانەوە لە چیرۆک و ڕۆماندا.

بەدرێژایی مێژووی مرۆڤایەتی، مرۆڤ هەرگیز دەستبەرداری چیرۆکگێڕانەوە نەبووە، بۆ ئەم مەبەستەش چەندان ڕێگە و شێوازی جۆراوجۆری بەکارهێناوە بۆ تێرکردنی ئەم حەزەی. تا سەرئەنجام گەشتووەتە ئەم پلە باڵایەی گێڕانەوە کە ئێستە ئێمە لە چیرۆک و ڕۆماندا دەست و پەنجەی لەگەڵدا نەرم دەکەین.بۆ ئاشنابوون بە هونەری گێڕانەوە لە چیرۆک و ڕۆماندا پێویستە بە دوو دەستەواژەی گرنگ ئاشنا بین، ئەوانیش بریتین لە (چیرۆکخوان - گێڕەرەوە) و (گۆشەنیگای بینین، یان ڕوانگە).

نووسینی چیرۆک و ڕۆمان هاوشێوەی بەرهەمهێنانی فیلمە، کاتێک تەماشای فیلمێک دەکەین، وادێتە بەرچاو کە شتەکان بەو شێوەیەی کە دەیانبینین واقیعی بن، بەڵام ڕاستییەکەی دەرهێنەر هەڵیبژاردووە کە ئێمە چۆنی ببینین. ئەو بریاری داوە کە کامێراکان چۆن دابنرێن، ئایا کامێراکە شوێنی کارەکتەرێک بکەوێت کاتێک بە شەقامەکاندا دەڕوات، یان نا. لە فیلمێکدا دیمەنێک دەتوانرێت بە چەندان ڕێگە وێنەی بگیرێت و هەریەکە لەم ڕێگایانەش دەتوانن کاریگەری جیاوازیان لەسەر بینەر هەبێت.

گۆشەنیگای بینین، هەمان ڕۆڵی کامێرا لە چیرۆک، یان ڕۆماندا دەبینێت.

گۆشەنیگای بینین، واتە شوێنی چیرۆکخوان (گێڕەرەوە) بەپێی چیرۆکەکەی. بەم پێیە، واتە چۆنیەتی بینینی ئەو ڕووداوانەی کە لە چیرۆکەکەدا لەگەڵ یەکتر پێوەنددارن. گۆشەنیگای بینین وەڵامی پرسیارەکانی "کێ چیرۆکەکە دەگێڕێتەوە؟" دەداتەوە "تا چەندێک ڕێگە بە چیرۆکخوان دراوە بزانێت؟" " تا چ ئەندازەیەک چیرۆکخوان دەتوانێت بیری کارەکتەرەکان بخوێنێتەوە؟".

گۆشەنیگای بینین ئاماژەیە بە کەسێک، یان چیرۆکخوانێک کە لەچاوی ئەوەوە چاودێری ڕووداوەکانی چیرۆکێک دەکەین، هەروەها ئاماژەیە بەو شوێنەی کە چیرۆکخوان ڕووداوەکان دەبینێت کە پێوەندییان پێوەی هەیە، یان تێیەوە گلاوە، لە دەرەوەیە، یان ناوەوە، دوورە، یان نزیکە...تاد. ڕەخنەگران کردوویانە بە دوو کۆمەڵەوە:

أ) بەشدار (کەسی یەکەم)
١- چیرۆکخوان وەک کارەکتەرێکی سەرەکی
٢- چیرۆکخوان وەک کارەکتەرێکی لاوەکی
ب) نابەشدار (کەسی سێیەم)
١- تەواو ئاگا.
٢- تەواو ئاگای سنووردار.
٣- بێ لایەن.

بەڵام هەرچی چیرۆکخوانە بریتییە لەو کەسەی کە خوێنەر هەموو شتێک لە گۆشەنیگا و بینینی ئەوەوە دەبینێت. هەر شتێک خوێنەر لەسەر چنینی چیرۆکەکە، یان ڕۆمان دەیزانێت، لە ڕێگەی ئەوەوەیە. چیرۆکخوان دەکرێت ناونراو بێت، یان بێ ناو، هەروەها زۆرجار لەگەڵ دەسپێکی ڕۆمان، یان چیرۆکدا ڕاستەوخۆ ئاشکرا دەکرێت، یان بۆ کۆتایی هەڵدەگیرێت. چیرۆکخوان یەکێکە لە تایبەتمەندییە بنچینەییەکانی گێڕانەوە کە نووسەر خوڵقاندوویەتی. پێوەندی چیرۆکخوان لەگەڵ ڕووداوەکان و کەسایەتییەکان، تەنانەت خوێنەردا یەکێکە لە خاڵە جەوهەرییەکانی گێڕانەوە.

ئەفلاتون و ئەرستۆ سێ جۆری بنچینەیی چیرۆکخوان (گێڕەرەوە)یان دەستنیشان کردووە، ئەوانیش بریتین لە:
أ) قسەکەرێک کە بە زمانی خۆیەوە قسەدەکات.
ب) قسەکەرێک وەک ئەوێکی تر.
ت) تێکەڵەی هەردووکیان.

بەڵام ڕەخنەگرانی هاوچەرخ چیرۆکخوانیان کردووە بە سێ کۆمەڵەی سەرەکییەوە:
أ) وەک کەسی یەکەم.
ب) وەک کەسی دووەم.
ت) وەک کەسی سێیەم.

هەر بۆیە هەردوو دەستەواژە، هەرچەندە لەڕووی واتاییەوە هەندێک جیاوازن، بەڵام دەتوانین بەیەک بابەت قسەیان لەسەر بکەین، چونکە چیرۆکخوان بە ئامرازی گۆشەنیگای بینین پەیامەکانی بۆ خوێنەر، یان بیستەر دەگوازێتەوە. لەبەر ئەم هۆیەش هەردوو دەستەواژەکە بەیەکەوە دەخەینە بەرباس.

سەرەڕای ئەمەش کاتێک قسە لەسەر چۆنیەتی گێڕانەوە دەکەین، دەبێت ئاسایی جیاوازی لەنێوان ئەو نووسەرە بکەین کە بەرپرسیارە لە نەخشاندن و گونجاندنی چیرۆکەکە، کەسی چیرۆکخوان کە نووسەر لەڕێگەیەوە سات بە ساتی ئاشکرا کردن و هەڵماڵینی چیرۆکەکەی پێ دەنەخشێنێت.

## چیرۆکخوان وەک کەسی یەکەم

لەم جۆرەی چیرۆکخوانیدا، کارەکتەرەکە بە (من، خۆم....) قسەدەکات.وەک ئەوە وایە بەڕاستی لە بەردەمتدا بێت و چیرۆکەکەت بۆ بگێڕێتەوە. بۆ نموونە لە چیرۆکی (ڕۆمان) ی نووسەر (فلیپ کلۆودێل)دا چیرۆکخوان لە دەسپێکی چیرۆکەکەدا دەڵێت " پاڵم بە دیوارێکی هەمیشە گەرمەوە داوە و کۆمەڵێ ڕۆمانی بچووک دەنووسم، ڕۆمانی زۆر کورت، تیژ، چەشنی خەنجەر و بە ژمەنانێک دەیانفرۆشم....."

گێڕانەوە بە کەسی یەکەم، نزیکە لەوەی کە ئێمە لە ژیانماندا ئەزموونی دەکەین، هەموو شتێک لە تێڕوانینێکی تەنیا و تایبەتەوە دەبینرێت. لێرەدا خوێنەر تەنیا ئەوەی پێی دەوترێت، کە چیرۆکخوان پێی دەڵێت، هەروەک ئێمە چیرۆکخوانی کەسی یەکەم، ناتوانێت بیری کارەکتەرەکانی دیکە بخوێنێتەوە.

سەرەڕای ئەمانەش، بەزۆری لەبەر ئەوەی چیرۆکخوان دەگێڕێتەوە، دەبێت لە ڕووداوەکانی چیرۆکەکەدا ڕزگاری بووبێت. زۆرجار چیرۆکخوان بۆ ڕابوردوو دەگەڕێتەوە و لە ڕابوردوو دەڕوانێت و چیرۆکەکانیمان بۆ دەگێڕێتەوە. بۆ نموونە: (جیم) چیرۆکخوان و پاڵەوانی ڕۆمانی (دوورگەی گەنجینە)ی (ڕۆبرت لویز ستیڤنسن) پاش

ڕزگاربوونی، بەسەرهاتەکەمان بۆ دەگێڕێتەوە، هەربۆیە ئەم جۆرە گونجاوە بۆ بەرەو پێشچوونی گەشەی کارەکتەر.

پێویستە ئەوەش بزانین، هەرچەندە خوێنەر تەنیا ئەوە دەزانێت کە چیرۆکخوانەکە پێی دەڵێت، بەڵام ئەمەش بەواتای ئەوە نییە کە خوێنەر تەنیا دەتوانێت هاوخەم و هاوبیری چیرۆکخوان بێت. هەندێک جار سروشتی چیرۆکخوانی وایە کە خوێنەر جیا لەوەی کە چیرۆکخوان دەیخاتە بەردەستی، بیردەکاتەوە، چونکە گۆڕانی هەستەکان، بیرۆکە نیوەناچڵەکان، پاڵنەرە ناڕوونەکان...تاد وا لە خوێنەر دەکەن کە نەتوانێت هەمیشە بە چیرۆکخوان پشت ئەستوور بێت.

بەواتایەکی تر لەم جۆرەدا چیرۆکخوانەکان هەمیشە جێی متمانەنین، چونکە خوێنەر بیرکەرەوەیەکی سەربەخۆیە و نووسەرەکانیش هەندێک جار بانگێشتی خوێنەر دەکەن بۆ ئەوەی بەشێوەیەکی جیا لە چیرۆکخوان بڕیار لەسەر شتەکان بدات. نووسەر هەندێک جار دەیەوێت خوێنەر چالاک (ئەکتیڤ) بێت بۆ ئەوەی بەشێک بێت لە جیهانی چیرۆکەکە، یان ڕۆمانەکە. کاتێک خوێنەر لەبەرچاودەگرین، گێڕانەوەکان، بە تایبەتی کەسی یەکەم، دەتوانن کێشەلەکۆڵ بن. خوێنەر تێڕوانینی خۆی و سەرئەنجام کاردانەوەی تایبەتی خۆی بۆ نووسراوەکە هەیە. خوێنەر هەمیشە حەزی لە جۆرێک سەربەخۆیی و ئازادییە، لە هەر دەقێکدا خوێنەر ئەزموون و هەڵوێست و باوەڕی دەخاتەگەڕ.

ئەوەی ماوەتەوە بوترێت ئەوەیە، چیرۆکخوان وەک کەسی یەکەم بە دوو شێوە بەیان دەکرێت.

**یەکەم:** چیرۆکخوان وەک کەسی سەرەکی (ناوەندی) لە چیرۆکەکە، یان ڕۆمانەکەدا. دەتوانرێت بەم جۆرەیان بوترێت "چیرۆکخوانی پاڵەوان"، چونکە خۆی کارەکتەری سەرەکییە و لەهەمان کاتیشدا گێڕەرەوەی ڕووداوەکانیشە.

**دووەم:** چیرۆکخوان وەک کەسی چاودێریکەر. لەم جۆرەیاندا دەکرێت کارەکتەرەکە لە چنینی چیرۆکەکەدا کارەکتەرێکی لاوەکی بێت، یان کەسێک بێت لەدەرەوەی ڕووداوەکان (چیرۆکخوانی دەرەکی) و بیانگێڕێتەوە، دەتوانرێت بەم جۆرەیان بوترێت " چیرۆکخوانی شایەتحاڵ".

### چیرۆکخوان وەک کەسی دووەم

چیرۆکخوان وەک کەسی دووەم، زۆر بە کەمی لە چیرۆک و ڕۆماندا بەکاردەهێنرێت. کارەکتەرەکە بەشێوەی " تۆ قسەت کرد...."، ئێوە هاتن....." قسە دەکات. نموونەیەکی زۆر کەمی ئەم شێوە گێڕانەوەیە لەبەردەستدایە، بەڵام کە هەبوو، جۆرێک لە کاریگەری ئاڵۆز دروست دەکات.

### چیرۆکخوان وەک کەسی سێیەم

لەم جۆرە دا چیرۆکخوان ڕاستەوخۆ لەناو چنینەکەدا نییە، بەڵکو بە (ئەو، ئەوان، کچەکە، کوڕەکە، کەسێک...تاد) ئاماژە بە کەسەکان دەکات. بۆ نموونە لە چیرۆکی (دەرئەنجامێکی کورت)ی (غەسسان کەنەفانی) دا لە سەرەتای چیرۆکەکەدا، چیرۆکخوان دەڵێت: "ئەو لە هەوادارانی فەلسەفە بوو. ژیان بەلای ئەوەوە تەنیا بیردۆزێک بوو. هەر لە منداڵییەوە دەستی بە فەلسەفاندن کردبوو....."

کەسی سێیەم دەتوانێت بگێڕێتەوە و پیشان بدات، گێڕانەوە ئەوەیە کە ڕاستەوخۆ قسەدەکات. پیشاندان، واتە پێشکەشکردنی کردەوەکان، یان گفتوگۆکان کە لە ڕێگەیەوە خوێنەرێک دەتوانێت شتێک لەسەر کارەکتەرێک ببینێت، یان کردارێک. ئەگەر " فلان درۆی کرد" بخوێنینەوە، پێمان وتراوە، بەڵام ئەگەر ڕووداوێک ڕوویدات و تێیدا بزانین کە فلان ڕاستی ناڵێت، کەواتە ئێمە (خوێنەر) پیشانمان دراوە کە فلان درۆ دەکات. بۆ ئەوەی چیرۆکخوانێک شتێک پیشان بدات، دەبێت زۆر شت بە خوێنەر بڵێت. پیشاندان و پێوتن زۆرجار لە ناوئاخنی یەکدان و هەردووکیان پشت بەیەک دەبەستن.

ئەم جۆرەی چیرۆکخوان کارەکتەرێکی نابەشدار لەبەردەستدایە و دەکرێت بە چەند شێوەیەکی جیاواز چیرۆکەکە بگێڕێتەوە. وەک لەسەرەوە باس کرا، دیارترینیان بریتین لە چیرۆکخوانی تەواو ئاگا و ئاگایی سنووردار و بێ لایەن.

ئەگەر چیرۆکخوان تەواو ئاگا بوو، دەتوانێت بچێتە ناو خەیاڵدان و بیری کارەکتەرەکەوە و حەز و خولیاکانی بەیان بکات. چیرۆکخوان بە وردودرشتی بیر و هەست و دنیای ناوەوەی کارەکتەرەکان ئاشنایە و لەبارەیانەوە قسەدەکات، ئەم چیرۆکخوانە ناخناسە لە هەمووشتێک

بەئاگایە و هیچ شتێکی لێ شاراوە نییە. ئەم جۆرە بەهۆی ئاگادارییەوە لەهەموو شتێک، وەک کەسی یەکەم هەڵخەڵەتێنەر نییە.

هەندێک جار چیرۆکخوان تەنیا دەتوانێت بچێتە ناو بیر و مێشکی چەند کارەکتەرێکی دیاریکراوەوە، بەتایبەتی کارەکتەری سەرەکی، بەڵام بێ ئاگایە لە جیهانی ناوەوەی کارەکتەرەکانی تر، ئەمەش لە جۆری ئاگایی سنووردارە. (لووتبەرزی و کینەی) (جەین ئۆستن) نموونەیەکی سەرنجڕاکێشی ئاگایی سنووردارە. خوێنەر دەزانێت هەستی (ئیلیزابێس) چۆنە، بەڵام هیچ خەبەرێک لە هەستی بەڕێز (دارسی) نییە. بۆ هەڵماڵینی چی لەناو مێشکی (دارسی) دا دەگوزەرێت، (جەین ئۆستن) نامە بەکار دەهێنێت.

جگە لەمانە، هەندێک جار چیرۆکخوان لێ دەگەڕێت خوێنەر خۆی کردار و بیری کارەکتەرەکان لەڕێگەی خستنەپێش چاوی درامییانەوە هەڵسەنگێنێت، بەم جۆرەیان دەوترێت "بێ لایەن". لێرەدا نووسەر خۆی دەخزێنێتە ناو قسەکەرێکی کامێرای گەڕۆک ئاساوە. کامێراکە دەتوانێت بۆ هەموو شوێنێک بڕوات، بەڵام تەنیا ئەوە تۆماردەکات کە دەیبینێت و دەیبیستێت.نەتوانج دەدات و نە لێکدەداتەوە و نە دەچێتە ناو مێشکی کارەکتەرەکانەوە. خوێنەر دەخرێتە جێی تەماشاکەرێکی شانۆیی. باشترین نموونەی ئەم جۆرەش ئەو چیرۆکانەن کە سەرتاپا بە دیالۆگ نووسراون.

لە کۆتاییدا، ماوەتەوە بوترێت کە هەروەک چۆن لە فیلمە سەرەتاییەکاندا تەنیا یەک کامێرای جێگیرکراو هەبوو، هەرواش لە ڕۆمانە سەرەتاییەکاندا تەنیا یەک شێوازی گێڕانەوە هەبوو، بەڵام هەر چۆن سینەماکارەکان هەستیان بە گرنگی و کاریگەری چەند کامێرایەک کردووە، هەروەها ڕۆماننوسەکانی هاوچەرخیش هەستیان بە گرنگی تێکەڵکردنی تەکنیکی گێڕانەوە کردووە. لەگەڵ ئەوەشدا هیچ یاسایەک نییە بڵێت ناتوانرێت دوو جۆری گێڕانەوە (چیرۆکخوانی) لە بەرهەمێکدا تێکەڵ بکرێت.. هەر جۆرێک لە چیرۆکخوانی باشە و خراپە و کەموکورتی و خاڵی بەهێز و تایبەتمەندی خۆی هەیە. ئەوە نووسەرە بڕیاردەدات چ شێوازێک بەکاربهێنێت، ئایا کام تەکنیک لەگەڵ پەیامەکەی ئەمدا دەگونجێت، بەڵام کاتێک چەند چیرۆکخوانێک هەیە، بەتایبەت لە ڕۆماندا، کاری خوێنەر سەخت دەبێت. پێویستە خوێنەر هەستیاربێت بۆ هەریەکەیان و بەئاگابێت بۆ تێڕوانین و بڕیاردانە جیاوازەکان. بەهەمان شێوەی خوێنەر، نووسەریش لەکاتی تێکەڵکردندا دەکەوێتە بەر هەندێک مەترسی. دەبێت لە گۆڕانی شێوازێک لە چیرۆکخوان بۆ شێوازێکی تر زۆر وردبێت. نابێت بەبێ هۆکاری جوانی ئەدەبی بێت، دەبێت گواستنەوەکەی لە یەکێکەوە بۆ یەکێکی تر قایلکەربێت، هەر بۆیە لەبەر ڕۆشنایی ئەو خاڵانەی سەرەوە کە باس کران، پێویستە چ خوێنەر و چ نووسەر بەباشی ئاگاداری تەکنیک و جۆرەکان و گرنگی چیرۆکخوانی و گێڕانەوە بن.

**ئەو سەرچاوانەی کە سوودیان لێوەرگیراوە:**

**1- Perrine, Laurence, Literature: Stracture, Sound, and Sense. H B J IN, USA, 1974.**
**2-Fahim, Mansoor and Akbari, Mahnaz, Short Story for Critical Analysis. Rahnama Press, Tehran, 2007**
**3-Allen, Walter, The English Novel: A Short Critical History. J. M. Dent & Sons LTD, London, 1969**
**4-Bode, Christoph, the Novel. Wiley-Blackwell, UK, 2011**
**5-A Dictionary of Literary Terms, J. A. Cuddon. Penguin Books Ltd, England, 1979**

**تێبینی: هەندێک لە نموونەکان، لە چیرۆکەکانی ژمارەکانی گۆڤاری ئیلیان وەرگیراون.**

**(*) ماستەر لە زمانی ئینگلیزی، وانەبێژ لە زانکۆی گەرمیان/ مامۆستا لەسەر میلاکی پەروەردەی گەرمیان.**